# خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی کوردستانی رۆژهەڵات و هەڵوێستەیەک

مستەفا زاهیدی

بەشی یەکەم

کوردستان ئەم سەنگەری ئازادییە جارێکی تر هاتە خورۆشان. خورۆشانێک کە لە مەرگی یەکێک لە کورەکانی ئەو وڵاتە لە شاری سابڵاغ (مەهاباد) کەوتەوە. بەڵام سەرنجدان و ورد بوونەوە لەم رووداوە لە دەروەی ئێحساسەوە شتێکی پێویستەو بۆ ئەوەی بمانهەوێ بە شێوەیەکی واقیع بینانەو بەدەر لە ئێحساس لە سەر ئەم رووداوە دڵتەزێنە قسە بکەین پێویستە لایەنەکانی ئەم رووداوە لە بەرچاو بگرین. چون واتیمۆ گوتەنی دووان لە هەر شتێکی واقیع بە بێ لەبەرچاوگرتنی لایەنەکانی دەبێ بە شتێکی ئینتزاعی.

هەر بۆیە لەو چوارچێوە ئێحساسیو ئینتزاعییەدا نەمێنمەوە هەوڵ دەدەم بە پێی تواناو بە کورتترین شێوە تیشکی سەرنج بخەمە سەر ئەم رووداوانە.

١)دەست پێکی رووداو.

هەواڵ: مەرگی لاوێکی کورد لە شاری مەهاباد بە دەستی هێزەکانی رژیمی ئیسلامی:

لە بەرامبەر ئەم رووداوەدا دەکرێ دوو هەڵوێستە بگرین.

A)هەڵوێستەیەک کە ئەم هەواڵە بە رووداوێکی زۆر گەورە بزانین.

b) (هەڵوێستێک کە وەک زۆربەی رووداوەکانی مەرگ و کوشتن لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە راگەیاندنی هەواڵەکە رازی بین. وەک تا ئێستا لە زۆر بواردا و تەنانەت لە شاری مەهابادیشدا کراوە.

سەرەتا لە سەر هەڵوێستی دووهەم دەدوێمو لەوێوە دەگەرێمەوە بۆ بەشی A

ئێمە پێش رووداوی شەهید بوونی شوانەی سەید قادر لەشاری مەهاباد زۆر کات هەواڵی کوشتنی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت کۆڵبەرو کاسبکارانی ئەو شارەمان دەبیستو وەک هەواڵێک راماندەگەیاند. هەموو راگەیاندنی کوردی بەگشتی بە راگەیاندنی هەواڵەکەو مەحکووم کردنی ئەو رووداوە رازی دەبوونو تەنانەت بەشێکی زۆری راگەیاندنی کوردی بە تایبەت لە کوردستانی باشوور ئەو هەواڵەیان نەدەبیست یان دەیانبیستو ئێهتامیان پێنەدەدا. لەم روانگەوە بروانین کوژرانی ئەو لاوە بە دەستی هێزەکانی رژیم رووداوێکی هێند گەورە نییە وەک چۆن لە بەرامبەر کوژرانی زۆر لاوی تردا بێدەنگەمان کرد. ئێمە بەردەوام لە بەرامبەری مەرگی تاکەکاندا بێدەنگەمان کردووە. مەرگی تاکەکانمان بە هەند وەرنەگرتووەو بایەخمان پێنەداوە. رەنگە بەو هۆیە بێ تاک لای ئێمە مانای نییە. ئاخر ئێمە کۆمەڵگایەکین بە کەلتوورێکی مێگەلییانەوە. هەموو شت لە چوارچێوەی کۆ دا مانای هەیەو تاک دەبێ ببێ بە بەشێک لە کۆ. هەر بۆیە تا ئێستا زۆر رووداو لەوانە مەرگی دەیان کۆڵبەرو زەحمەتکێشی ئەو شارانەی کوردستان زۆر بری کردبێ لە چوارچێوەی هەواڵێکدا ماوەتەوە یان زۆر سەرنجی پێدرابێ حیزبە کوردییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات راگەیاندنێکیان لە سەر داوە.

لەم روانگەوە هەواڵی مەرگی شوانەی سەید قادریش زۆر هەواڵێکی گرینگ نییە بۆ ئێمەی مێگەل خۆشەویست کە هەموو هەوڵمان لە پاراستنی گشتدایەو دەمانهەوێ پاژەکان ببن بە بەشێک لەو کۆیە.

هەر لێرەدا هەواڵی مەرگی ئەو لاوە ٢١ ساڵەیەتان دێنمەوە بیر کە لە گوندێکی شاری شنۆ شەهید کرا. ئەی بۆ کەس هەواڵی مەرگی ئەو لاوە ٢١ ساڵەیەی نەبیست ؟

لێرەدا دەگەرێمەوە بۆ سەر هەڵوێستی A

هەڵوێستێ کە بەها بە گیانی مرۆڤ دەدا. هەڵوێستێ کە زۆر لای گرینگە کە تاکەکانی بمێنێتەوە. هەڵوێستێ کە تاک لای مانای هەیەو بیری مێگەل بوون دەخاتە لاوە. ئەم هەڵوێستە لای ئێمە بوونی نییە . چون ئێمە بە بوونی تاک رازی نین. هەر بۆیە ئێمە ئەو هەواڵانەی ترمان نەبیست.

لێرەدا پرسێ دێنمە گۆڕ ئەویش ئەوەیە بۆ ئەمجارە خەڵک پەرچەکرداریان بەرامبەر کوشتنی ئەو لاوە لە خۆ نیشاندا؟

بە وەڵام بەم پرسیارەو بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم بوارە بەم پرسیارە دەست پێدەکەم. ئایا خاڵێکی جیاواز هەبوو لە نێوان شوانەی سەید قادر و ئەو لاوانەی تر کە لە کوردستان دەکوژران؟

ئەگەر هەبوو کامانەن؟ گەر نییە بۆ خەڵک خۆ پیشاندانیان کرد؟

من وەک نووسەری ئەم بابەتە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان شوانەی سەید قادر و ئەو کەسانەی تر کە لە کوردستان خەریکی کاسبی و کۆڵبەری بوونو کوژران نابینم . هەڵبەت دەڵێم جیاوازییەکی بەرچاو مەبەست ئەوە نییە کە هەر جیاوازی نەبووبێ . چەن جیاوازی هەبووە بەڵام ئەو جیاوازییانە نەبووە کە بەرخۆدانێکی ئاوەهای لێبکەوێتەوە. شوانە کەسێکی سادە بوو لە شارێکی کورد. نە کەسێک بوو کە بە کەسایەتیەکی ئەدەبی یان سیاسی یان هەر شتێکی تر ناسرابێ. بەڵکوو شوانە سەربزێوێک بوو کە زۆر جار کارەکانی لە رووی ئێحساسەوە بووە. شوانە خەڵکی شار بووە بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی تر کە خەریکی



کۆڵبەری و کاسبکاری بوون و بە دەستی هێزەکانی رژیم کوژران خەڵکی شار نەبوون. پێکهاتەی شارو کۆمەڵناسی شار تا رادەیەک جیاوازی لە گەڵ کۆمەڵناسی گوند هەیەو ئەو جیاوازییە خۆی کاریگەربوو لە سەر گەورە بوونەوەی مەسەلەی شەهید کردنی شوانەی سەید قادر. دووهەم شت ئەوەیە کە شوانە لە کاتی ئەنجامی ئەو قەتڵە لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە تەنانەت بە پێی یاسای کۆماری ئیسلامیش خەتایەکی گەورەی نەکردبوو کە شیاوی مەرگ بێت. شوانە ئەگەر لە روانگەی کۆماری ئیسلامییەوە کەسێکی تاوانبار بوو دەکرا دەستگیری کەنو بیبەن لێکۆڵینەوەی لە گەڵ بکەنو حوکمی بدەن. بەڵام نەیانکرد. لێرەدا پێویستە تیشک بخەمە سەر گەمژەییەکی کۆماری ئیسلامی. شتێک کە دەکرێ هەم وەک گەمژەیی چاویلێبکرێو هەم بە روانگەی تریشەوە بیبینین. گەمژەیی بوو بەو هۆیەی کە لای وابوو خەڵکی کوردستان هەر وەک جاران لە ئاست کوشتنی شوانەدا بێدەنگ دەبێو گەورەتر لەوەش ئەوە بوو کە تەرمی شوانەی شێواندو بە شێواوی دایەوە بە بنەماڵەکەیو لەوە گەورەتریش ئەوە بوو دواتر بە پێی هەندێ هەواڵ خۆی تەرمەکەی لە گۆڕ دەرهێنا. هەڵبەت ئەمە خۆی هەندێ هۆکاری هەیە کە هەر لێرەدا بە پێویستی دەزانم قسەی لە سەر بکەم. گەمژەیی کۆماری ئیسلامی هەڵبەت سیاسەتێکی

گەمژانەشی لە پشت بوو. یەکەم کۆماری ئیسلامی دەیویست بە کوشتنی شوانەی سەید قادر خەڵکی کوردستان چاو ترسێن بکاو بەو هۆیەی کە خەڵکی کوردستان لە ئاست کوشتنی کەسانی تردا بێدەنگەیان هەڵبژاردبوو لای وابوو کە هەمدیسان بێدەنگە هەڵدەبژێرن. بەڵام ئەمجارەیان جەماوەری کورد لە شاری مەهاباد کە لە مەرگی چەندین کەس لە ساڵی رابردوودا بە دەست هێزەکانی رژیم بە تەنگ هاتبوون دەوامیان نەهێناو پەرچەکرداریان لە خۆ نیشان دا. کامۆ لە ئینسانی سەرکەش دا باس لە کردەو پەرچەکردار دەکات. من بۆ خۆم هەستانی ئەم جارە لە چوارچێوەی ئەو سەرکەشیو پەرچەکردارەدا دەبینمەوە کە کامۆ باسی لێدەکات. خەڵکی کوردستان دژ بە گوتاری رژیم کە گوتاری کوشتار بێ گوتاری خۆیان خستەروو کە گوتاری مانەوەو سەرکەشی بوو. گوتاری مانەوە بوو بەو مانایەی کە مانی خۆیان خستە روو. گوتاری سەرکەشی بوو بەو مانایەی کە پەرچەکرداریان لە خۆ نیشان دا دژ بە گوتاری رژیم. دەتوانین بڵێین پەرچەکرداری خەڵکی کوردستان بە گشتیو مەهاباد بە تایبەتی پەرچەکردارێک بوو بەرامبەر ئەو کردەوانەی کۆماری ئیسلامی. بەڵام سیاسەتی گەمژانەی کۆماری ئیسلامی بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک تووشی شکەست هات و خۆ پیشاندانێکی لێکەوتەوە کە من بە گوتاری مانەوەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات ناوی لێدەبەم. گوتاری مانەوەیەک کە بە بەهای گیانی دەیان کەس لە خەڵکی ئەو پارچەیە لە کوردستان تەواو بوو. بەڵام ئەم گوتارە لە راستیدا وڵامێکیش بوو بۆ رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی بزانێ کە ئەوان هێشتا هەر ماونو گەلی کورد چیتر ئامادە نییە بەو شێوەیە مامەڵەی لە گەڵ بکرێ. لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە هۆکارێکی تری ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئەو سیاسەتە گەمژانەیەی گرتەبەر ناوببەم ئەویش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دەیزانی تا ئێستا دەنگی کورد لە قورگی خۆیدا خنکاوەو کەس گوێ بە دەنگی نادات. یان دەنگی بە هیچ کوێ ناگا. کە ئەم بەراوردەشی بۆ ئەمجارە بە هەڵە دەرچوو. چون کورد بە یەکگرتووییەوە وای کرد کە دەنگی بە هەموو شوێنێ بگاو تەنانەت شۆڤینیترین میدیاکانی دژە کوردیش نەیاندەتوانی لە ئاستیدا بێدەنگە بکەن بۆیە هەواڵەکەیان بە درۆ دەنووسیەوە. لێرەدا پێویستە باس لە هەواڵێکی ماڵپەڕی بازتاب بکەم دوای رووداوەکانی شاری سەقز کە ١١ تا ١٣ کوژراوو پتر لە ٧٠ بریندار(ی) لێکەوتەوە. بازتاب نووسیبووی رووداوەکانی شاری سەقز دەستی تاقمی جیایی خوازی پڕاکی تێدا بووو ئەوە پڕاک بووتەقەی لە خەڵک دەکرد. لێرەدا دەبێ بوترێ ئەو هەواڵەی بازتاب جگە لە درۆ بوون، سیاسەتێکی دوولایەنەی زرینگانەشی تێدایە، کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام ئەم سیاسەتەی لە کوردستان گرتوتە بەر. ئەو دەیهەوێ کورد بە ناو نەتەوەیەکی جیایی خواز ناو بباو بیناسێنێ( هەرچەن بە بڕوای منی نووسەر جیایی خوازی بۆ هەر نەتەوەیەک مافی رەوای ئەو نەتەوەیە) و هێرش بکاتە سەریان. هەڵبەت سیاسەتی زەق کردنەوەی پڕاکیش خۆی شتێکەو هەڵوێستە نابەرپرسانەکانی پڕاکیش خۆی هەر قسەی لە سەرە کە دواتر دێمەوە سەری. ئێمە لەم هەواڵەی بازتابدا چەواشە کارییەکی تەواومان دیت. چەواشەکارییەک لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی سەرکوتکەردا. چەواشەکارییەک کە دەیهەویست هەموو شتەکان لە بەرژەوەندی خۆیدا بقۆزێتەوە. هەڵبەت ئەمە زاتی سیستەمە نادیمۆکرات و دەسەڵاتە گشتخوازەکانە - یان دەتوانم بڵێم ئەمە خودی دەسەڵاتە - کە دەیهەوێ هەموو شت لە بەرژەوەندی خۆیدا بقۆزێتەوە. بازتابیش وەک ماڵپەڕێک کە سەر بە موحسنی رەزاییە لەم ناوەدا جێ نەماو دەستی دایە چەواشەکاری. یان دەبینین راگەیاندنە عەرەبییەکان بۆ وێنە ئەلجەزیرە کە لە هەموو کێشەیەکی دونیا ئاگادارە لە ئاست ئەو کێشانەی کوردستاندا بێدەنگەیان هەڵبژاردو ئەگەر هاتوو بێدەنگەشیان هەڵنەبژارد بە شێوەیەک لە شێوەکان هەواڵەکەیان چەواشە دەکرد.

دوان لە ماڵپەرو راگەیاندنە ناکوردییە دژە کوردییەکان مژارێکە کە نامهەوێ بیخەمە تاقەتی ئەم وتارەوەو لێرەدا هەمدیسان لە سەر ئەو چەشنە لە گوتاری مانەوە قسە دەکەم. گوتاری مانەوەیەک کە هەندی دەسکەوتی هەبوو.

دەسکەوتەکانی ئەم گوتارە:

١)یەکگرتوویی ریزەکانی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات لە ئیلام و سەحنەوە بگرە تا دەگاتە سۆماو برادۆست. هیچکات کوردستانی رۆژهەڵات لە مێژووی خۆیدا بە قەد ئەمجارە یەکدەستو یەکگرتوو نەبووە.

٢) بەزاندنی دیواری هەواڵنێرییەکان و گەیشتنی دەنگیان بە میدیاکان

٣) شکاندنی دیواری مەزهەب کە لە نێوان کوردەکانی رۆژهەڵاتدا درووست کراوە. بە شێوەیەک کە ئەمجارە شیعەو سوونەو یارسایی و.... بەشداری ئەو گوتارەیان کردو بوون بە بەشێک لە گوتاری مانەوەی کورد کە من لێرەدا بە قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی کوردی لە کوردستانی رۆژهەڵات ناوی لێدەبەم.

٤) هاوپشتیی کوردەکانی نیشتەجێی ئورووپاو ئەمریکاو ئوسترالیا لەوان.

٥) نیشاندانی رووی بوونی خۆیان بە رژیمی کۆماری ئیسلامی و گوتنی ئەوەی کە ئێمە هەر ماوینو ئێمە هەر نافەرمانی لە دەستوورەکانت دەکەین.

زیانەکانی ئەم گوتارە:

١)کوژرانی دەیان کەس لە خەڵکی کورد لە شارەکانی کوردستان و دەستگیر کردنی سەدان کەس و بریندار بوونی دەیان کەس.

٢) دامەزرانی حکوومەت نیزامی لە کوردستان- هەرچەن کوردستان هیچ کات شوێنێکی ئارام نەبووە بۆ کۆماری ئیسلامی-

٣)بێ بەهرە بوون لە خوێندنی دەیان کەس لە لاوانی کورد کە دەستگیر دەکرێن. کە لێرەدا داوا لە حکوومەتی هەرێم دەکەم ئەو کەسانە لە بەرچاو بگرێ.

٤) توندتر کردنەوەی گوزینش لە دانشگاکان.

٥) هەمدیسان گوشار هێنانەوە بۆ سەر خەڵکی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات بەو شێوەی پێشترو توندتر کردنەوەی تەحریمی خەڵکی کورد.

بەڵام ئایا ئەم خۆپیشاندانەو ئەم دەسکەوتانە ئەم زیانانەی دەهێنا؟

لێرەشداو بۆ وڵام بەم پرسیارە دوو بۆچوون دێتە بەر دەممان. بەڕای من ئەم خۆ پیشاندانە زۆر دەسکەوتی باشی لێکەوتەوە کە بە راشکاوی وەک قۆناغێکی تر لە خەباتی خەڵکی کورد ناوی لێدەبەم. بەڵام لێرەدا ئەو دوو بۆچوونە دێنمە گۆڕ کە پێویستە لە گۆڕەپانی سیاسیو بۆچوونی ئێمە بۆ ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا لە بەرچاو بگیرێن. ■




## هەولێر: بنەماڵەی شوانە سەید قادر لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنوسیدا

رۆژی دووشەممە ٢٠٠٥/٨/٢٢ ، لەبنکەی یەکێتی شورشگێرانی کوردستان لەهەولێر، کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی لەسەر چۆنیەتی روداوی شەهید بوونی شوانە سەید قادرو لەدیدار لەگەڵ بنەماڵەکەیدا، بەرێوە چوو. ئەبووبەکر ئەسفەرەم، جەمیلە ئەسفەرەمو خەلیل مودەریسی، لەلایەن بنەماڵەکەیانەوە ئامادەی کونفرانسەکەبوونو وێڕای پرسەو سەرەخۆشی لەو بنەماڵانەی لە سەرهەڵدانەکانی پاش شەهید بوونی شوانەدا، شەهیدیان داوە، سپاس و ئەمەکداری خۆیان دەربڕی بۆ هەموو گەلی کوردو بەگشتی هەموو ئەو کەسانەی هەستانەوە بەپشتگیری کوردەکانی رۆژهەڵاتو ئاواتی ورە بەرزیان خواست بۆ گیراوەکان. پاشان ئەبووبەکر ئەسفەرەم بەوردی چۆنیەتی رووداوی شەهید کردنی شوانەی خستەروو لەکۆتایی پرۆگرامەکەدا، خەلیل مودەریسیو ئەبووبەکر ئەسفەرەم وەڵامی پرسیاری رۆژنامەوانانیان دایەوە.

ناوبراوان لەوەڵامی چەند پرسیارێکی چاودێردا، ئاماژەیان بەوەدا کە لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ئێرانەوە گوشارێکی زۆریان لەسەر بووە بۆ ئەوەی لەرێگەی تەلەفیزیۆنەوە شوانە بەکورێکی شەڕاشۆ (تەنانەت لەبنەماڵەشدا) بناسێننو حاشا لەئەشکەنجەو ئازارەکانی بکەن. هەر بۆیە ئەو وڵاتەیان بەجێهێشتووەو ئێستا لەهەولێرو بنکەی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستاندان. ■

## سنە: بەردەوام بوونی گرتنی هاوڵاتیان

ئەفشین شێخولئیسلامی خەڵکی شاری سنە، رۆژی (٢٥)ی گەلاوێژ لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستگیر کرا. بنەماڵەی ئەفشین رایانگەیاندوە کە لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا ناوبراو لەسنە نەبوەو ئەمە دووهەمین جارە لەماوەی دوو ساڵی رابردودا ئەفشین دەگیرێت. هەروەها بەپێی راپۆرتی دەزگای چیالەشاری سنە هیوا یوسفی رۆژی (١)ی خەرمانان دەستگیر کراوە. هیوا یوسفی بەرپرسی دەزگای چیایەو یەکێکە لەو کەسانەی لەرۆژی (٨)ی گەلاوێژ لەبەرانبەر پارێزگای سنەدا، بەشداری رێپێوانکە بووەو وتەیەکیشی پێشکەش کردوە. سەبارەت بەهۆکارو شوێنی گیرانی هیوا یوسفی هیچ زانیاریەک لەبەردەستدا نیە. شایانی باسە حسین ئەحمەدی نیاز بەرپرسی هەفتەنامەی ئاسۆو خاوەنی بروانامەی یاسای نێو دەوڵەتی بۆ دوهەمین جار بۆ ناوەندی ژمارە(٤)ی دادگای شۆرشی سنە بانگ کراوە، بۆ ئەوی سەبارەت بە تۆمەتەکەی کە چالاکی دژی شۆرشی ئیسلامیە پاراستنی خۆی بکات. ناوبراو جاری پێشوو لەبەرانبەر (٩٠)میلیۆن تمەندا، بەکەفالەت ئازاد کراوە. ■

## تیرۆری ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەسوێد

بەپێی راپۆرتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کاوە زارعی ئەندامی چالاکی ئەو حیزبە لەشاری "لینزبرک "شەوی دووشەممەلەرێکەوتی "٣١"ی گەلاوێژو لەکاتی نیوەشەودا، لەلایەن سێ کەسی نەناسەوە کوژراوە. تاوەکو ئێستاش هیچ زانیارییەک لەسەر ئەوکەسانەو ئامانجیان بەدەست نەهاتووە. ■

## ئێران: بەیاننامەی کۆمەڵێک چالاکانی سیاسی، رووناکبیریو زانکۆکان

زیاتر لە(٨٠) کەسایەتی چالاکی سیاسی، فەرهەنگیو هەروەها ناو زانکۆکانی ئێران، بەبەیاننامەیەک هەڵوێستی خۆیان لەمەڕ رووداوەکانی ئەم دواییانەی کوردستان دەربڕیوەو سەرەڕای دەبڕینی خەمخۆری بەنیسبەت رووداوەکانەوە، سێ خاڵیان دەسنیشان کردووە. سەرەتا داوایان لەهاونیشتمانانی کورد بەگشتیو بەتایبەت چینی رووناکبیرو ئاگا کردووە، کە لەبەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانو بەرگری لەمافی مرۆڤ، خۆڕاگربنو بەدوور کەوتنەوە لەتوندو تیژی، پێ لەسەر خواستە رەواکانی خۆیان دابگرنو لەخاڵی دووهەمدا، داوایان لەبەرپرسانی ئێرانی کردووە، ئەو کەسانەی کە لەریزی هێزەکانی ئینتیزامی ئێراندانو بەسەرەرۆیی ئەوکارەساتانەیان ناوەتەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێتو سزا بدرێنو هەوڵ بدەن بۆ گەڕانەوەی ئارامی بۆ ناوچەکەو ئەو جەریدانەی وا راگیراون ئیزنی دەست بەکار بوونەوەیان پێبدرێتو لەخاڵی سێهەمدا، داوایان لەسەرەک کۆماری تازە کردووە سەرنج بداتە رووداوەکانو بەرپرسانە رووبەروویان بێتەوە. ■

# وزەی ئەتۆمی یان دیموکراسی؟

ئا: موحەممەد ئیزەدی

هەفتەی رابردو پاش ئەوەی حکومەتی ئێران رایگەیاند کە پیتاندنی یورانیۆم دەسپێدەکاتەوە، جارێکیتر لێکۆڵەرانی ئەمریکی پێشنیاری نوێی خۆیان خستە بەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو وڵاتە.

لە لایەکەوە چەپەکان ولیبراڵەکان دەڵێن وزەی ئەتۆمی و تەنانەت چەکی ئەتۆمیش مافی ئێرانەو هەروەها یەک لە پێویستیەکانی ئەم وڵاتەیەو بەرەنگاری ئەمریکا لەم مەبەستەدا دەبێتە هۆی بزواندنی هەستی وڵات پەرستی لای ئێرانیانو هەروەها هاندانیان بۆ هاوتەریب بوون لەگەڵ حکومەتدا بەمەبەستی دژایەتی کردن لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا، لەلایەکی تریشەوە موحافیزکاران رایان وایە خەڵکی ئێران خوازیاری دیموکراسینو ئەگەر رژێمی ئێران ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی ئیتر دەتوانێ لەهەمبەر گوشارە دەرەکیەکاندا خۆڕاگربێتو بە واتایەکیتر ئیتر هیچ هیوایەک بۆدیموکراسی لەو وڵاتەدا لە ئارادا نامێنێت.

٢٤ی مانگ دوابەدوای کۆتایی دانوستاندنەکانی ئێرانو ئەوروپا، وتەبێژی فەرەنسا رایگەیاند کە لەمانگی داهاتوودا دیاری دەکرێت کە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران رەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش بکرێت یان ناو هەروەها ئەمریکاش دەبێ بڕیاری خۆی سەبارت بەچۆنیەتی بەرەوپێشچون لەگەڵ ئێراندا بەرێگای دیبلۆماسی یان بەرێگای توندو تیژی بدات. رۆژنامەی " وال ستریت جورنال " بڵاوی کردەوە پاش دو ساڵ وتوویژو دانبەخودا گرتن دەبێ لەگەڵ ئێراندا بە شێوازێکیتر هەڵس وکەوت بکرێت چونکە تەنانەت ئەنجومەنی ئاسایشیش ناتوانێت بەربەئێران بۆ ئەو مەبەستە بگرێت.

ئەم رۆژنامە وێڕای رەخنەی توندی خۆی سەبارەت بەهەڵوێستی راوێژکاری ئەڵمانیا، گرهاردشرۆدر کە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێرانی لەبەرچاو نەگرتوە بڵاوی کردەوە: دەبێ سیاسەتەکانی ئەنستیۆتی واشینتۆن بۆسیاسەتی رۆژهەڵات وەگەڕ بخرێت، کەبریتیە لەگوشارخستنە سەر حکومەتی ئێرانو پشتیوانی کردنی هێزە دیموکراسی خوازەکانی ئێران کە خوازیاری گۆڕانی رژێمی ئێرانن.

هەر ئەم پێشنیارە بە شێوازێکی تۆکمەتر لەلایەن " نیال فێرگوسن " NIAL FERGUSON مێژوو نوسی بەریتانی ـ ئەمریکاییەوە خرایە ئاراوە فێرگوسن کە مامۆستای زانکۆی هارواردەو خاوەن دو کتێبە سەبارەت بە ئیمپراتۆری بەریتانیاو ئەمریکاو بەهۆی ئەودووکتێبەوە ناوبانگی لەجیهاندا دەرکرد، هەفتەی رابردو لەرۆژنامەی " لۆس ئانجلس تایمزدا بڵاویکردەوە: " بەریتانیا و ئەمریکا بەو بیرۆکەوە کە گوایە حکومەتی ئێران هێدی هێدیو بە تەدریج بەرەو گۆڕانو دیموکراسی دەروات کاتی خۆیان بە فیرۆ ئەدەن. "بەرێز فێرگوسن بڕوای وایە: ئابڵوقەدانی ئابوری لەکاتێکدا کە نەوت بەرمیلی ٦٦ دۆلارە هیچ کاریگەرێتی نابێت و پێدەچێ ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەمە پەسەند نەکەن. سەرکەوتنی ئەحمەدی نەژاد لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا بۆ سەرۆک کۆماری دەریدەخات کە لەرۆژهەڵاتدا هەڵبژاردنی دیموکراسیانە نابێتە هۆی لیبرالیزمی رۆژئاواییانە بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی فەندمینتالیزمو ناسیۆنالیزمی توندرەوانە، کەوابوو بەرنامەی ژمارە یەکی ئەوروپیەکان تووشی شکست بوو: بەرنامەی ژمارە دوو (گێڕانەوەی دۆسیەکە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش) یش کاریگەر نابێتو تەنها دەمێنێتەوە بەرنامەی ژمارە سێ کە هێرشی هەوایی فرۆکە کانی ئەمریکایە بۆ سەر کارگەکانی یۆرانیۆم لەم وڵاتەدا. (نیوزدی ٢٠٠٥.٠٨.١٧ لەزاری لۆس ئانجلۆس تایمزەوە)

لەلایەکیترەوە چەپەکانو لیبراڵەکان کە پشتیوانی لەسیاسەتی دەستێوەرنەدانی ئەمریکا لەئێران دەکەن وەک پرۆفیسۆری ناوداری ئەوروپایی " سلوچ ژیژک " silavoj zizek کە ساڵانە بۆ چەن مانگێک لەئەمریکا وانە بێژی دەکات، لەیەکێ لەبڵاوکراوەکانی ئەمریکادا دەنوسێ: "ئێران مافی خۆیەتی بێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی، تاکو بەر بەئەمریکایی بونی جیهان بگرێت" پاساویشی ئەوەیە کە ئێران بەچەکی ئەتۆمیەوە مەترسیەکی بۆ ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی نابێتو تەنها رۆڵی وزەی ئەتۆمی بۆ رێبەرانی ئێران سازدانی هاوکێشەیەکی ئەمنیە بەشێوازی شەڕی سارد. (ئین دیۆ تایمز ٢٠٠٥.٠٨.١١)

هەروەها مامۆستایەکی ئێرانی بەناوی فەریبورزی موختاری لە "زانکۆی بەرگری نەتەوەیی" لەواشنتۆن لە رۆژنامەی "لۆس ئانجلوس تایمز" دا بڵاوی کردەوە : دیبلۆماسی هێور و لەسەرخۆ (diplomacy soft ) لەبەرامبەر بەئەتۆمی بوونی ئێران تاکە رێگایەکە کە هەستی ناسیۆناڵیستی ئێرانیەکان نابزوێنێت.

پرسیارێک کە لێرەدا دەکەوێتە بەردەم کابینەی بوش ئەوەیە: کە ئایە خەڵکی ئێران پێیان باشترە کە خاوەن حکومەتێک بن کە بەبوونی وزەی ئەتۆمیو چەکی ناوکی لەهەمبەر وڵاتانی دراوسێ داو هەروەها دزەی ئەمریکادا بەسەربەخۆیی بمێنێتەوە، یان ئەوەی کە خاوەن حکومەتێکی دیموکراتی بن کە ئەمریکا پشتیوانی لێبکات؟

ئایە، حکومەتی بوش دەبێ وەک ئەوروپیەکان سیاسەتی دیبلۆماسیانە بگرێتەبەر کە ڕای گشتی لەئێران هەڵوێستی دژە ئەمریکایی نەگرن یان بە پشتگریو بە هێزکردنی دیموکراسیخوازان لەئێران پرۆگرامەکانی بۆگۆڕانی رژێمی ئێران وەگەڕبخات. ■

سەرچاوە: DW